# تایبەت بەکەمپینی بەریتانیا

FEDERATION

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

ژمارەی تایبەت 4



بەم ناونیشانە پەیوەندیمان پێوە بکەن

PL / R A 00300 Helsinki –Finland

Tel : 00358 440464905

fediraq@welho.com


# نا بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران


17 th Dece . 2005 — پینج لاپەڕە — ژمارەی تایبەت ١٧دیسەمبەری ٢٠٠٥


**هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن لەشارەکانی مانچستەرو لیڤەرپوڵ بەمەبەستی بەهێزکردنی کەمپینی فیدراسیۆن وخۆرێکخستن دژ بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران!**

No For Deportatio

نا بۆ دیپۆرت کردنەوە

## پەنابەرانی کوردی عیراقی لە شاری نۆتنگهام خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر بە سیاسەتی گیرانەوەی بە زۆری پەنابەران ئامادە دەکەن !


... بۆ لاپەرە ☜ ٢


## فیدراسیۆن لەگەڵ ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد لە شاری بەرمنگهام دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کۆدەبیتەوە




## نابێ پەنابەران ڕێگا بدەن یەکیەتی وپارتی کلاوی درۆ بخەنە سەریان !!

چەند رۆژ لەمەوبەر دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی و پارتی لەزمانی شاناز ئیبراهیمەوە ئەوەیان بلاوکردەوە کە نوینەرانیان لە بەریتانیا خەریکن کار بۆ چارەسەری کیشەی پەنابەرانی کورد لەم ولاتەدا دەکەن. گوایە شاناز بەنوینەرایەتی یەکیتی وپارتی خواستی راگرتنی دیپۆترکدنەوە و ریگا پیدان بەکار وپیداچوونەوەی کەیسی پەنابەرانیان خستۆتەبەردەم کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا و لەمەش زیاتر داوای کردووە کەزەوی و کار وخزمەتگوزاری تایبەت بدریت بەوکەسانەی کە دیپۆرتکراونەتەوە ! !

لە کوتایشدا شاناز ئیبراهیم داوای لە پەنابەران کردووە کەبینە ئەوشوینانەی سندوقەکانی دەنگدانی لێ یە بۆئەوەی ئیمزای ئەو فۆرمانە بکەن کە داخوازییەکان دەخاتەبەردەم حکومەتی بەریتانیا..! !

ئەم پروپاگەندانەی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی وهەولیك کە لە ریگای شاناز ئیبراهیمەوە خستویەتیەگەر، جگەلەوەی قسەیەکی پوچ و بیناوەرۆکی سەروبەندی هەلبژاردن دەخاتەروو، هاوکات هەولیکی فیروکارانەیە بۆ راکیشانی پەنابەرن بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان


... بۆ لاپەرە ٣


## بانگەوازێ بۆ خۆپیشاندان

دەولەتی بەریتانیا بە زۆر ١٥ پەنابەری دیپۆرتی شاری هەولێر کردەوە . بۆ هەڵوەشانەوەی بریاری گیرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بەخۆپیشاندنی ئیمەوە لە شاری ( مانچستەرو شەفیلدا ) پەیوەست بن


بۆ لاپەرە ☜ ٢


## بەم ژمارە تەلەفونانە پەیوەندی بکەن بە نوینەرو لیپسراوانی فیدراسیونەوە


دەشتی جەمال : 07734704742

حمە داود لە ستۆك ئۆن ترینت ٠٧٧٤٢٣٩٤٧٤٦

جاسم غفور لەشاری نوتین هام ٠٧٧٣٩٣٣٨١٧٨

بورهان لەشاری مانچستەر ٠٧٨٦٦٧٥٧٢١٣

ئارام حمە سەعید لەشاری لیستەر ٠٧٧٢٩١٨٢٠٨٣

# بانگەوازێ بۆ خۆپیشاندان

پەنابەران ،خەڵکی ئازادی خواز

هەروەك ئاگادارن لەدواین هەوڵەكانی وەزارەتی ناوخۆی بریتانیا ١٥ پەنابەری كورد بە كەلەپچەو وجل وبەرگی سەربازیەوە لەپەیوەندی و ساتو سەودایەكی ئاشكرا دا بەژیان و چارەنووسی ئێمەی پەنابەرانەوە دیپۆرتی شاری هەولێر كرانەوە،وە تا ئیستا كۆمەڵێك لە پەنابەری كورد لەگرتووخانە دەست بەسەرەكاندا ڕاگیراون وبڕیارە پێچەوانە بەخواستی خۆیان ئەوانیش دیپۆرت بكەنەوە.

وەرن لەگەل ئێمە لەم خۆپشاندانە نارەزایەتیانە کە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ داکۆکی لەماف وداواکاریەکانی پەنابەران بەریی خستووە بەشداربن. وەرن با لەتەواوی شارەکانی تریش بەشێوەیەکی شارستانیانە و یەکگرتووانە بەر بە سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی ئیجباری بگرین. وەرن با بەخەباتی یەکگرتووی ریکخراوەیمان ئاکام و مەترسیەکانی دیپۆتکردنەوە بەرپیٚ بگرین، لەم رێگەیەدا دەیان رێکخراوی ئینسانی و پێشەکەوتخواز وخەڵکی ئازادی خوازی بریتانی هاوکارو پشتیوانن وە لە گەڵمانن.

شاری مانچستەر :

رۆژی : شەمە :١٧-١٢-٢٠٠٥

کاتژمیر:١ ی نیوەرۆ

شۆین:

PEACE GARDENS, ST PETERS SQUARE MANCHESTER

شاری شەفیلڎ:

کاتژمیر:١٢ نیوەرۆ

شۆین :سەنتەری شاری شەفیلڎ

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە مانچستەر / بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە بورهان فەتاح بە ژمارەی

(0161 234 2784 / 07866 757 213)




## پەنابەران ... لە شاری نۆتنگهام خۆیان... ئامادە دەكەن

ڕۆژی چوارشەمە ٢٠٠٥/١١/٢٣ فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە شاری نۆتنگهام كۆبونەوەیەكی بەرفراوانی لەگەڵ پەنابەرانی كورد سازدا، دەشتی جەمال جیگری سكرتیري فیدراسیۆني سةرتاسةري پەنابەرانی عێراقی كە بۆ ئەم كۆبونەوەیە دەعوەت كرابوو،لە سەر دوا ئاڵوگۆڕەكانی سیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە قسەوباسی كرد. دواتر جاسم غفور بەرپرسی فدراسیۆن لەو شارە ئاماژەی بەو كارو چالاكیانەدا كەدژ بەسیاسەتی ناردنەوەی پەنابەرانی كورد لە چەند مانگی ڕابوردوودا ئەنجامدراوە. پاشان دەشتی جەمال هۆكارەكانی كۆچكردنی پەنابەران بۆ دەرەوەی وولات ڕوونكردەوە ،بەتایبەتی ئاماژەی بە هؤكاري پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە كرد بەهۆی شەڕو سەركوت و كوشتن وپێشێلكردنی ئازادی سیاسی لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتدارانی كورد وترسی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس و هەڵواسراوی ئایندەی خەڵكی كوردستان كەژمارەیەكی بەرچاو لەخەڵكی كوردستان بەتایبەتی لاوان ڕوویان لە دەرەوەكرد. لە بەشێكی تری قسەكانیدا ئاماژەیدا بەسیاسەتی نەژادپەرستانەی دەوڵەتانی ئەوروپا بەتایبەتی دەوڵەتی بەریتانیا بەرامبەر بەپەنابەران وە ڕوونی كردەوە كە كێشەی پەنابەران كێشەیەكی سیاسیە و دەوڵەتی بەریتانیا بەرپرسە لەبەڕەسمیەت ناسینی مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی كورد،تەنهاڕێگای وەستانەوە بۆ پوچەڵ كردنەوەی ئەم سیاسەتە خۆ ڕێكخستنی پەنابەرانە لە دەوری فدراسیۆن و ڕاكێشانی هاوپشتی خەڵكی ئازادیخوازو ڕێكخراوەكانی بەرگری لەمافی پەنابەران لەبەریتانیا وسەپاندنی ئەم مافەیە لەڕێگای خۆڕێكخستن ونارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر دەوڵەتی بەریتانیا. شایەنی باسە كە ژمارەیەكی بەرچاو لە پەنابەران لەم كۆبونەوەیەدا بە سەرنج وپرسیار بەشداریان كردو پشتیوانیان لە قسەو باسەكان كردو ئامادەییان دەربڕی بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات و نارەزایەتیەكانیان لە چوارچێوەی فدراسیۆنی پەنابەراندا و ژماریەكی زۆری بەشدار بوانیش فۆرمی ئەندامەتیان پڕكردەوە.

لە كۆتاییدا هەیئەتێكی ١٢ نەفەری پێهكات بۆ بە دواچوون و سەرپەرشتی كردنی كارەكانی فدراسیۆن لە نۆتنگهام وخۆئامادەكردن بۆ ڕووبەڕوبونەوەی سیاسەتی دیپۆرتكردنەوەی پەنابەران لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە.

# نابێ پەنابەران ڕێگا بدەن یەکیەتی وپارتی کلاوی درۆ بخەنە سەریان !!

وناچارکردنیان بەبەشداری کردن لەهەلبژاردنیکدا کەتەنها سەرانی ئەم حیزبانە بەکورسی‌یەکانی دەسەلات دەگەیەنی. بەم شێوەیە ئەم وحیزبانەو وشاناز ئیبراهیمی نوینەریان جاریکی‌تر خەریکی ئەوەن مەسەلەی پەنابەران وخواستەکیان بکەنە بابەتیك بۆ بەریوەبردنی سیاسەتی چەوتیان.

یەکیتی وپارتی کە خۆیان هۆکارو پالٚ نەری یەکەم وئاخر بوون بۆ ئەوەی لاوانی کوردستان رووبکەنە هەندەران و بە ناچاری ریگای هات و نەهاتی پەنابەری هەلٚبژیرن، هەرگیز ناتوانن لە پشتی خواستەکانی پەنابەرانی کوردستانەوە راوەستن. ئەوەشی شاناز ئیبراهیم بەناوی خواستەکانی پەنابەرانەوە بەگوی پەنابەران ورای گشتی دا داویەتی جگە لە درو ودەلەسەو چاوبەست کردنی پەنابەران شتیکی زیاتر نی‌یە. بەتایبەتی کەهەر ئینسانیکی بائاگا، ئەوراستی‌یە دەزانی کە خودی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد لە گۆشەیەکیدا بەرئەنجامی سیاسەتی سات وسەودای یەکیتی وپارتی و حکومەتەکانیان بووە لەگەل دەولەتی بەریتانیا و ئەوە هەرئەوان بوون کە کوردستانیان بە ناوچەی ئەمن وئازاد ناوزەدکردووە و بەردەوامیش کۆمەك وکارئاساییان بۆ دەولەتانی ئەوروپا کردووە تابتوانن دەست ببەن بۆسیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران. رووداوی دیپۆتکردنەوەی ١٥ پەنابەری کورد بۆشاری هەولیر وبەپیشوازی چوونی حکومەتی پارتی دواین بەلگەیە بۆئەوەی کە یەکیتی وپارتی بەپیچەوانەی خواستەکانی پەنابەران دەجولینەوە و تەنانەت کاتیکیش دیپۆرت دەبنەوە بەگیرفانی بەتالەوە بەرەلای نیو بازاری شاریان دەکەن.

بەلام ئەمە یەکەمین جار نی یە هەلویستی لەم شیوەیە لەدەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی ولەزمانی نۆینەرانیانەوە دەبیسترین، بەلکو هەر لەم ماوەیەداو لەئەنجامی بەرین بوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی پەنابەرانی کوردستان و لاکەوتنی نوینەرانی یەکیتی وپارتی‌دا بوو ، شاناز ئیبراهیم و کەسانیکی هاوشیوەی وەك ئەو کەوتنە سازدانی کۆبوونەوەکردن بە پەنابەران و تەخشان وپەخشانی بەلین و دروودەلەسە بەناوی بەرگری لەخواستەکانی پەنابەران وپاکانە کردن بۆئەوەی کەگوایە ئەوان ئاگایان لەناردنەوەی پەنابەران نی یە و ئەمە ئاکامی ئیمزای وەزیری پێشوی هیجرەی عیراقی بووە. تەنانەت وتویانە مسعود بارزانی ئاگای لەناردنەوەی ئەو ١٥ پەنابەرە کوردە نییەو حکومەتی پارتی توانای بەرپێگرتنی ئەم کارەی نی‌یە !! بەراستی ئەم کۆبوونەوانە وئەم قسانەی نوینەرانی یەکیتی وپارتی بۆچی‌یە؟ئایا بەراستی یەکیتی و پارتی نایانەویت پەنابەران بگیریتەوە؟

لە وەلامی ئەم پرسیارانەدا تەنها ئاماژەدان بۆئەوە بەسە کەیەکیتی و پارتی ئیدعای حکومەت دەکەن ولەپال دەستیاندا دەزگاکانی یوئین هەیە، کەچی نەك بیدەنگە لەدیپۆرتی پەنابەران دەکەن بەلکو فرۆکەخانە دەخەنە ئیختیاری دەولەتانی ئەوروپاوە و پیشوازی لە وەرگرتنەوەی پەنابەران دەکەن. بەلام لە هەموو ئەمانەش زیاتر هەولی چاوەشەکاری و درۆکردنی یەکیتی وپارتی و شاناز ئیبراهیمی نیونەریان کاتیك ئاشکرادەبی کەپەنابەران بانگەواز دەکەن بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان وئیمزا لی‌وەرگرتنیان!!

بەلام لە هەموو ئەمانەش زیاتر هەولی چاوەشەکاری و درۆکردنی یەکیتی وپارتی و شاناز ئیبراهیمی نیونەریان کاتیك ئاشکرادەبی کەپەنابەران بانگەواز دەکەن بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان وئیمزا لی‌وەرگرتنیان!! گوایە لەم ریگایەوە دەیانەویت بەر بەدیپۆرتی پەنابەران بگرن!! بەلام نەك پەنابەران بەلکو هەموو خەلکی کوردستان ئاگاداری ئەوەن کەئەوە هەر ئەم حیزبانەو نوینەرانیان بوو کە بە ناوی خواستی خەلکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمیك لە کوردستاندا، نزیکەی ٢ملیۆن ئیمزایان لەخەلك کۆکردەوە، بەلام سەرئەنجام چی‌یان لی‌کرد و بە کوی یان گەیاند؟..

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە یەکیتی وپارتی ترسیان لەوەیە کەئەم جارەش خەلکی لە سیناریۆی گالتەجاری هەلبژادنیاندا بەشداری نەکەن و ئەمجارەش لەگەل "نا"یەکی گەورەی خەلکدا بەرەو رووببنەوە، هەربۆیە باسی داواکاری پەنابەران و کۆکردنەوەی ئیمزای خەلکیان هیناوەتەکایەوە. ئەمانە تائەوکاتەی پیویستیان بەدەنگی خەلك وپەنابەرانە دەکەونە پاکانەو نواندنی نەرمی و خوکردن بەغەم خوری خەلك تا ئیمزاو پەنجەموریان وەربگرن و بیان هیننەبەردەم سندوقەکانی دەنگدان ودواتریش پشتیان تی بکەن.

## پەنابەرانی ئازیز:

نابی ریگا بدەین یەکیتی وپارتی و نوینەرانیان بۆمەرامی پوچیان کلاوبنینە سەرمان. نابی بەناوی داوای پەنابەران و بەرگرتن لەدیپۆرتی پەنابەرانەوە ئیمە راکیشنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و ئیمزای ئیمە وەرگرن. نابی هیچ کەس بەدرو ودەلەسەی ئەم جەنابانە بروابکات. وەعدەو بەلێنیك کەئەمانە دەیدەن بەپەنابەران درۆی سەردەمی هەلبژاردنە و پویستیان بەئیمزا وپەنجەموری خەلکە، دەنا دوای ئەوە ئەوە هەر یەکیتی و پارتی‌یە ئامادەن بۆمەرام وقازانجی خۆیان لە دژی خواستەکانی خەلك لە کوردستان ولە دەرەوە بجولینەوە و تەنانەت ریگای سەرکوت وتەقەکردن لەخۆپیشاندان و دەنگی داواکردن بۆ خوساتەکانی خەلك بگرنەبەر. ریگای بەرگرتن بە دیپۆرتی پەنابەران و بە دیهینانی خواستەکانمان، ریگای یەکیتی وپارتی و بەشداری کردن لەهەلبژاردنی ئەواندا نی‌یە، بەلکو ریگای خەباتیکی هوشیارنەو یەکگرتووانەی خودی پەنابەرانە لە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ لە هەولەکانی پارتی ویەکیتی. ریگایەکە کەپشتی بەخەباتی لاوانی کوردستان وخویندکاران وخەلکی ئازادیخواز لە شارەکانی کوردستان کە هەر ئیستا لە دژی گەندەلی و راوروتی ئەم حیزبانە روو لە پەرەگرتنە، بەستووە و دەستی خوی بۆ پشتیوانی هەزاران ئینسانی موتەمەدن و سەدان ریکخراوی ئینسان دۆست لە بەریتانیا رادێراوە..

نابی هیچ کەس فریوی پروپاگەندەی یەکیتی وپارتی ونوینەرانیان بخواو نابێ بەپیر داواکانیانەوە بچین. بەلکو دەبی بە موقاتەعەکردنی هەلبژاردن و رەتکردنەوەی فۆرمی ئیمزای ئەمانە خەباتی خۆمان یەکگرتوو پەرەپی بدەین و لە دەوری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی هەرچی زۆرترە کۆببینەوە.

**هێز لە ڕێکخراو بووندایە ، تەنهاچەکی کاریگەر بۆ داکۆکی کردن لە ماف و داخوازیەکا نمان ناڕەزای دەربرینمانە !**

# فیدراسیۆن لەگەڵ ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد لە شاری بەرمنگهام دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کۆدەبێتەوە

سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە شاری بەرمنگهام کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لەگەل پەنابەرانی کورد لەشاری بەرمنگهام رێك دەخات و لەم کۆبوونەوەیەدا (دەشتی جەمال)جێگری بەرپرسی فیدراسیۆن و (بورهان فەتاح )بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر بەشداری دەکەن.

سەرەتای کۆبوونەوەکە (هیمن عەلی) هەڵسوراوی فیدراسیۆن داوا دەکات لەبەشداربووان بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیان بەخت کردوانی ئەوپەنابەرانەی لەرێگای سەخت ودەریاو بەسەر مینو لەسنورەکان گیانیان لەدەست دا ریز لێ بگرن ،پاشا بەخیرهاتنی ئامادەبووان کورتەیەك لەسەر رێکخراوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی باس دەکات .

پاشان دەشتی جەمال لەسەر هۆکارەکانی ئاوارەی و پەنابەری پەنابەرانی کورد بۆ دەرەوە لەژێر سایەی سەرکوت و تیرۆر وپێشێلی ئازادی سیاسی و چارەنووسی نادیاری کوردستان قسەو باس دەکات ،هەروەها مافەکانی پەنابەری و یاساکانی کۆنفدراسیۆنی جنیف پێویستی بەهەرمەند بوونی پەنابەرانی کورد لەومافانە دەخاتە روو ،لەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا باسی هۆکاری پەنابەری رابردووە دەیەی هەشتاکانو نەوەدەکان و شەری خلیجو شەری ناوخۆو ئەو هۆکارانەی پال بە گەنجو لاوانی کوردستانەوە دەنێ ئاوارە بنو رێگای سەختی هاتو نەهان بگرنە بەر ، هاوکات لەسەر پێویستی خۆرێکخستن و یەکگرتووی ریزەکانی پەنابەران کرد و وەستانەوەیان دژ بە ساتو سەوداو بازرگانی بەژیان و چارەنووسی پەنابەرانەوە کە لەلایەن حکومەتی بریتانیاو دەسەلاتداران لەکوردستان بەری کەوتووە و رای گەیاند نزیك بە ١٥ هەزار پەنابەری کورد لە شاری بەرمنگهام وەدووربەری ژیان دەکەن ئەگەر پەنابەران ئیرادەبکەنو بێنە مەیدان بۆ داوای ماف پەنابەری و هەقی نیشتەجێ بوون ، هێزیەکە بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بریتانیا دەتوانی ژیانی پەنابەران بگۆری و لەترس و دلەراوەکێ رزگاریان کات ودەستیان بەمافە ئینسانی یەکانی خۆیان بگات.

چوونیتی مامەلە کردن بەیاساکانی سیکشن ٤ و ئەو ئالوگۆرەیاسایانەی کە دەولەتی بریتانیا بەدوای کارەساتە خۆیناوێکی ٧-٧ بەسەر یاسای پەنابەری هیناوە ،هەروەها باسی لەزنجیرەی ئەو کارو جالاکیانە کرد کە فیدراسیۆن لەشارەکانی مانچستەرو لیڤەرپوول و نوتین هام و شەفیلدو و شارەکانی تر گرتوێتی بەر دژ بەسیاسەتی دژ پەنابەری دەولەتی بریتانیا ،هاوکات باسی لەکارەکانی داهاتووی فیدراسیۆن کرد کە لەماوەی دووهەفتەی ئایندەدا خۆپیشاندانی سەرتاسەری رادەگەیەنی و ئیمزا کۆدەکاتەوە و سەردانی ئەندام پەرلەمانو یکخراوەپەنابەریەکان دەکات وسەردانی پەرلەمانی ئەوروپا دەکات و داوای لەپەنابەران کرد لیجنەی پێك بهینن لەدەوری فیدراسیۆن کۆوەبن و ببنە ئەندام تا بەهیزی یەکگرتووی پەنابەران پاشەکشێ بەدەولەت بهیینینو لەرووی یاسایەوە بەربەدیپۆرتی بەزۆرەملی بگرین.

لەبەشێکی تردا هیمن عەلی دەرگای کردەوە بەرووی مداخەلەو قسەوباسو پرسیاری ئامادەبوان ،کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەمادەبووان تەجرووبەتالەکانی ژیانی پەنابەری خۆیان دەگیرایەوە کە هیچ لایەنێك تا ئیستا لەبەرمنگهامدا نەبوو ە وەلام بەکیشەکانی پەنابەران بداتەوە و تیکرا تاکیدیان لەکاری رێکخراوەی کرد و پشوازیان لەقسەو باسەکان کرد و لەکوتایدا ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان خۆیان کاندید کرد بۆ ئامادەی بۆ خۆرێکخستنی خۆپشاندانێکی گەورەو بەرێوەبردنی کارو چالاکیو کەمپینی فیدراسیۆن و کۆمەکی مالی یان کرد بە کەمپینی فیدراسیۆن ، کۆبوونەوەکە لەنیو هاوکاری و دەستخستنە دەست وئامادەی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران سەرکەوتووانە کۆتای هات.

## فیدراسیون پێویستی بە کۆمەکی مالی ئێوەیە !

ئەنابەران ، ئازادیخوازان

بریاری حکومەتی بەریتانیا لە پەیوەند بەدیپۆرتکردنەوەی هەزاران پەنابەری کوردی عیراقی و بۆ ئەو شوینەی کە لیوەی هەلهاتوون تەنانەت دەست بەکار بوون لەمبارەوە دیپۆرت کردنەوەی ٣٣ پەنابەر زەنگی سیاسەتیکی مەترسی دارەو ئەگەر بیت بە راشکاوانەترین شیوە نەیەنیە مەیدان، بەدلنیای ئەوان هیچ گومانیکیان لە عەمەلی کردنەوەی نەخشەکانی خۆیان نی یەو لە نزیکترین کات لە هەلپەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران دەبن بەزۆر .

رابردووی خەبات و تیکۆشانی فیدراسیون وەك ریکخراویکی پەیگیرو بێ هیچ فەیدوشەرتیك داکۆکی لەماف وداخوازیەکانی پەنابەران دەکان لەمەیدانایە بۆ رووبەروبوونەوە دژ بەهەر بریاریکی زیانبارەوە بۆ پەنابەران . بۆیە ئیستەش فیدراسیون وەك هەمیشە لە پیشی سەنگەری تیکۆشاندایە دژ بە بریاری حکومەتی بەریتانیاو بەراگەیاندنی کەمپینکی سەرتاسەری بۆ دیفاع کردن لەمافی پەنابەرانی کوردو عیراقی جێ ی خۆیەتی کە ئیوەش لەم بارەوە دەوریکی کاریگەرو چارەنووسازتان هەبێ بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینە!

**پەنابەرانی بەریز ئازادیخوازان**

بەدلنیای یەوە بۆ دەست بەکاربوونی کەمپینکی لەو چەشنە مەزن،پیویستمان بەهەر جۆرە هاوکاری وکۆمەکیکی مادی ومعنەوی دەبیت، بۆیە بەهیوایین کەلە سونگەی خۆ بەرپرس زانینتانەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کیشەکان وریگرتن لە مەترسی دیپۆرتکردنەوە پەنابەران بەدلنیای کۆمەکی مالی یەکانتان دەوریکی گرنگی دەبێ لەبەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینەدا ، بۆیە چاوەرانی هیمەتانین !

**دەتوانن کۆمەکی مالی یەکانتان بەم نانیشانە بنیرین :**

-NAME: THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES AND IMMIGRANTS COUNCI
- ADDREES : P L 3 , 00391
- CITI : HELSINKI
- COUNTRY : FINLAND
- ACCOUNT NUMBER :F1558000-1470212284
- BANK CODE :WIFT: PSPBFIHH
-BANKS NAME : SAMPO BANK.HELSINKI

# هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن لەشارەکانی مانچستەرو لیڤەرپۆل بەمەبەستی بەهیز کردنی کەمپینی فیدراسیۆن و خۆرێکخستن دژ بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کورد

رۆژی ٢٦-١١ لەزنجیرەیەك سەردانی هەڵسوراوانی فیدراسیۆن بۆ شارەکانی بریتانیا ،فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی رۆژی شەمە کۆبوونەوەیەکیان بۆ (دەشتی جەمال)جیگری بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە شاری مانچستەر دانا کە ژمارەیەکی بەرچاو لەپەنابەرانی کوردو هەڵسوراوانی رێکخراوە پەنابەریەکان تیا بەشداریان کرد.

سەرەتا بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆن لەشاری مانچستەر بەخیرهاتنی ئامادەبووانی کرد ،پاشان دەشتی جەمال قسەو باسێکی پێشکەش کرد لەسەر دیاردەی پەنابەری و هۆکارەکانی ئاوارە بوون و مافەکانی ئینسانی پەنابەر وبریار نامەکانی کۆنفدراسیۆنی جنیف ،هەروەها ئاماژەی کرد بەو هۆکارانەیی رووکردنە هاندەرانی پەنابەرانی کورد لە چەند سالی رابردوو بۆ دەرەوەی وولات وە چۆن تا بووە زیادی کردوە بەتایبەتی لەنیو جیلی لاوان وئەو هۆکارە سیاسیانەی کەلەکوردستاندا بەهۆی سەرکوت و شەری ناوخۆو نائەمنی وتیرورو هۆکاری سیاسی و ئابووری وە لەلایەن ئەحزابی دەسەلاتدارەوە بە پشت کردنە خواستەکانی لاوان و خەڵکی کوردستان ،وخۆیان گریداوەتەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو بریتانیا و دەولەتانی ناوچەکە کۆمەلگا کوردستان هەلواسی و هیچ دوارۆژ بۆ ژیانێکی باشتر تیا بەدی ناکرێت ،باسی لەکیشەی پەنابەرانی کورد کرد لەبریتانیا و پێشیل کردنی مافەکانی پەنابەران کە چۆن دەولەتی بریتانیا وەك لایەنێکی مەسول لەبەرامبەر ژیان و چارەنوسی پەنابەرانی عیراقی خەریکی تەوافقاتو راپیچ کردنی پەنابەرانی کوردە بۆ نیو گرتووخانە دەست بەسەرەکانو بەزۆر دەیان نیریتەوە ،رای گەیاند کیشەی پەنابەرانی کورد کیشەیەکی کەیسێکی سیاسی یە هیچ و هیزو لایەنێك ماف مامەلەو ساتو سەودای نی یە بەژیانی پەنابەرانەوە ،ماف پەنابەری و هەقی نیشتە جێ بوون مافێکی سەرەتای پەنابەرانە وبەهیزو یەکگرتووی پەنابەرانو کۆبوونەوەیەیان لەدەوری فیدراسیۆن و کاری رێکخراوەی بەپشتیوانی حزبو لایەنو رێکخراوە ئینسانی یەکانی بریتانیا بەدەست دیت و لەکۆتایدا پەنابەرانی بانگەواز کرد لەدەوری فیدراسیۆن کۆبنەوە و ببنە ئەندام و کارو هەڵسورانەکانی فیدراسیۆن بەدەستەوە بگرن و گەورەی بکەن.

لەبەشی دووەمی قسەو باسەکاندا سەوسەن سەلیم بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان سەرباری ئەوەی ئەوپەری پشتیوانی خۆیان لەکەمپینی فیدراسیۆن بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کورد راگەیاند باسی لە ئەوزاعی ژنان کرد لەکوردستاندا و نائەمنی و سەرکوت و تیرۆری ژنانو دیاردەی خۆسوتاندن وئەو راستیانەی کە لەژیر دەسەلاتی یەکیتی و پارتی رۆژانە رووبەرووی ژنان دەبیتەوە ودەست ئاوەلاکردنی خیل و عەشیرەت بە کوشتن و ئەتك کردنی ژنان ،وە لەبەشێکی تری قسەکاندا باسی لە نائەمنی کوردستان وئەو کارو چالاکیانە کرد کە هاوشانی فیدراسیۆن رێکخراوی ژنان ئەنجامی داون. بەشێکی تری قسەو باسەکان تەرخان کرا بۆ بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆن لەشاری مانچستەر کە لە سەر کارەکانی ئایندەوە نەخشەی داهاتوو لەدەوری فیدراسیۆن کە تیادا ئاماژەی کرد بە سەردانی ئەندام پەرلەمان ودانانی میزکتاب لەسەنتەری شاری مانچستەرو خۆپشاندان بردنە بەردەم ئەو نوسینگانەی تکیت فرۆشی کە پەنابەرانی پێ بار دەکەن بۆ گیرانەوەیان بۆ کوردستان ،هاوکات ئیمزا کۆکردنەوە و سەردانی ئەحزاب و لایەنەکان بە مەبەستی هینانی پێشتیوانی و رای گەیاند لەچەند شاری تر لەهەفتەی داهاتوو خۆپشاندانی سەرتاسەری دەکەین .

پاشان بەریز ئیما لەرێکخراوی دژ بەدیپۆرتی پەنابەران پشتیوانی خۆی راگەیاند لەکەمپینی فیدراسیۆن ،بەدوا ئەودا عبدول رەحمان یەکیك لەو پەنابەرانەی بەهەولی فیدراسیۆن لە گرتووخانەی دەست بەسەر ئازاد کرا بوو باسی لەو کردەوە نا ئینسانیانە کرد کە بەرامبەر پەنابەران لەو گرتووخانانەدا بەرێوە دەبرێ و باسی ئەوەی کرد کە فیدراسیۆن ئۆمیدێك بووە کە بەردەوام لەگرتووخانەدا پەیوەندی پێوەکردەوە و هەولی ئازاد کردنی داوە.

لەکۆتایدا دەیان پەنابەر ئەندامەتی خۆیان لەفیدراسیۆن راگەیاندو ئامادەی خۆیان نیشان دا بۆ هەڵسورانەکانی فیدراسیۆن بۆ رووبەرووبوونەوە دژ بەسیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران.

رۆژی دوای ٢٧-١١ هەیئەتێکی فیدراسیۆن کە پێك هاتبوو لە(بورهان فەتاح ،سەنگەر عەزیزو،ئالان فەتح لله،سەوسەن سەلیم ،دەشتی جەمال) روویان کردە شاری لیڤەر پۆل لەوێ لەیەکێك لەریستورانە کوردیەکان لەگەل پەنابەرانی کورد کۆبوونەوە لەسەر گرنگی کاری پێکەوەی و خۆرێکخستنی ریزەکانی پەنابەران بەرامبەر بەختەرێك کەرووبەرووی پەنابەرانی کورد بۆتەوە قسەو باسیان کرد و رایان گەیاند ئەمرۆ پەنابەران رێکخراوی خۆیان هەیە و تەنیا نین بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خواز ویەکگرتووی پەنابەران دەتوانین ئەم سیاسەتەی دەولەت پوچەل بکریتەوەو هیچ حزب ولایەنیکی کوردستان ماف ساتو سەودا و مامەلەی نی یە بەژیانی پەنابەرانەوە. دەیان پەنابەران ئەندامەتی خۆیان لەفیدراسیۆن راگەیاند و ئامادەییان نیشان دا بۆ خۆپشاندانو کاری رێکخراوی لەپێناو بەرگرتن بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران و بەرەسمیت ناسینی ماف پەنابەری بە پەنابەرانی کورد. ئەم هەنگاوانە لە راستای کەمپینێکە کە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی رای گەیاندوە بەمەدەف خۆرێکخستنی ریزەکانی پەنابەرانو خۆئامادەکردن بۆ رووبەرووبوونە بەرامبەر بەم سیاسەتە دژ پەنابەری یەی دەولەتی بریتانیا دەستی بۆ بردوە کە سوکایەتی یە بەحورمەت و شەخسیتی ئینسانی پەنابەر ،ئیمە خوازیارین کە ژیانێکی ئینسانی و ماف هاولاتی یەکسان بۆ پەنابەرانی کورد فەرهەم بکریت ،لەئاستی سەرتاسەری دا لەلایەن رێکخراوە پێشکەوتن خواز وئینسانی یەکانو یەکیتی کرێکاریەکان هەول دەدەین پشتیوانی بۆ پەیدا بکەین ،ریشەکێش کردنی دیاردەی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە گرەوی حلی سەربەخۆی کوردستاندایە تا بەدەستهینانی ئەو خواستەی خەڵکی کوردستان پەنابەرانی کورد هەقیانە لەمافی پەنابەری سیاسی بەهرەمەند بن

**بلاوکراوەی فیدراسیون بخوینەرەوەو هاوکاری بکەو بیناسێنە بە هاورێ و دۆستانی خۆتان !**